# «من دەپەیڤم کەوابوو من ئادەمم» پرسی زمان و بوون بە ئینسان لە قورئاندا

دوکتۆر کەماڵ سلێمانی[1]

**لە ئینگلیزییەوە: حیسامەدین خاکپوور[2]**



٣٠ی نیسان ٢٠٢٢ توێژینەوە

## پوختە

ئەم وتارە دەیهەوێ ڕۆڵی سەرەکیی زمان لە چیرۆکی قورئانی ئادەمدا وەکوو مرۆڤ یان ئینسان بداتە بەر لێکۆڵینەوە. بە پشتبەستن بە ڕوانینی قورئان لەسەر ئافراندنی ئینسان، ئادەم وەکوو بوونەوەرێک دەردەکەوێت کە

[1]. کەمال سلێمانی پسپۆڕی مێژوو و سیاسەتی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سلێمانی دوکتۆراکەی لە بواری مێژووی ئیسلام و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی 2014 دا لە زانکۆی کۆلۆمبیا وەرگرتووە و لە زانکۆکانی تورکیا و ئامریکادا وانەی وتوەتەوە. دوکتۆر سلێمانی نووسەری ژمارەیەک وتاری زانستی و کتێبێکە بە ناو *ئیسلام و ناسیۆناڵیسمە ڕکابەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا* کە پەخشانگایPalgraveلە ساڵی 2016 دا چاپ و بڵاوی کردوەتەوە. لەم کتێبەدا سلێمانی مەعریفەناسییەکانی بنەڕەتی دەوڵەت نەتەوەی [مودێڕن] بە جەخت لەسەر ڕۆڵی سەرەکی و هاودڵانەی ئیسلام لە سەرهەڵدانی دەوڵەت نەتەوەدا، دەباتە ژێر پرسیار. دوکتۆرسلێمانی نیشان دەدات چلۆن پێکدادان و کاردانەوە هەڤبەرەکانی ناسیۆناڵیزم و ئەندێشەی ئایینی لە مێژووی مۆدێڕنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕۆڵی نوواندووە.

[2]. دەرچووی دوکتۆرای زمان و ئەدەبی عەرەبی لە زانکۆی تاران.

تواناییەکی تایبەتی لە ناونانی شتەکاندا هەیە. بە لێکۆڵینەوە لە جیاوازیی واتایی نێوان دوو چەمکی سەرەکیی ئینسان و بەشەردا، بە پێچەوانەی تێگەیشتنە باوەکان کە مرۆڤ وەکوو خەلیفە بە جێنشینی خودا دەزانن، دەیسەلمێنم کە جێنشینی بوونەوەرە بێزمانەکانە. پەیدابوونی چەمکی ئینسان لە مودێلی قورئانی ئافراندندا، پێش لە هەموو شتێک ئاماژەیە بۆ ئافراندنی حەیوانی قسەکەر. کەوابوو بەکارهێنانی وشەی خەلیفە لە قورئاندا زیاتر لەوەی کە بەردی بنەما بۆ دامەزراوە سیاسییەکان مسۆگەر بکات، پێویستە وەکوو قۆناغێک لە پێگەیشتن و تەکامولی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی، چاوی لێ بکرێت... تێگەیشتن لە چەمکی خەلیفە لەژێر تیشکی «خاوەن زمانبوونی ئینساندا» لە جیاتی ئەوەی ڕێگە بۆ دەسەڵاتداری بەسەر مەخلوقە ئەم جیهانییەکانی خودا خۆش بکات، وێنەیەک لە دەسەڵاتداری سیاسی لە ئیسلامدا وێنا دەکات کە بە تەواوەتی جیاوازە لەو شێوەی کە لایەنگرانی ئیسلامی سیاسی لەسەری تەبان.

**وشە سەرەکییەکان:**

ئینسان، بەشەر، خەلیفە، زمان، ئادەم، ویستی ئازاد، ئازادیی هەڵبژاردن.

## پێشەکی

لەم وتارەدا دەمهەوێ پەیوەندی نێوان دوو چەمکی خەلیفە (جێگر یا میرک) و لەدایکبوون و سەرهەڵدانی زمان لە قورئاندا تاوتوێ بکەم. بەپێچەوانەی تێگەیشتنە باوەکان لە چەمکی خەلیفە وەک جێگری خودا، بەڵگە دەهێنمەوە بۆ ئەوەی کە ئەم زاراوەیە هێمایە بۆ قۆناغێک کە لەویادا بنیادەمەکان خاوەن توانای زمانی دەبن.

ئەم وتارە سێ بەش لەخۆ دەگرێت. لە بەشی یەکەمدا بەڵگەکانی خۆم بۆ پیشاندانی جیاوازی نێوان بەکارهێنانی دو زاراوەی بەشەر و ئینسان لە قورئاندا، ئاراستە دەکەم. بەپێچەوانەی زۆرینەی ڕاڤە و تەفسیرەکان؛ بەڵگە دەهێنمەوە کە زاراوەی ئینسان پەیوەستە بە زمان یان بەیانەوە. ئەم پەیوەندییە، وا نەبووە بێپێشینە بووبێت. بۆ وێنە ڕاڤەوانی قورئان؛ محەممەد عەلی ئەششەوکانی( 1760- 1834)، زاراوەی بەیان(البیان) بە زمانی هەر هۆز و دەستە و نەتەوەیەک وەردەگێڕێت کە دەلالەتە لەسەر پەیوەندی نێوان دوو چەمکی بەیان و ئینسان.[i] هەروەتر زمان وەکوو فۆڕمێک لە پەیوەندیدان، بنەمایەک بۆ ئازادیی هەڵبژاردن و ئەخلاق (ئاکا) دەڕەخسێنێت. لە بەشی

دووهەمی ئەم وتارەدا ڕا و بۆچوونی هەندێک لە ڕاڤەوانانی قورئان باس دەکەم کە خۆیان بە دوو زاراوەی ئادەم و خەلیفەوە سەرقاڵ کردووە. نیشان دەدەم کە هەندێک لە ڕاڤەوانانی کلاسیک وا دەبینن کە ئادەم «جێگری» (خەلیفەی) بەرەی کەمتر پێگەیشتوو و کەمتر گەشەکردووی ئینسانە. لەم بارەدا گۆڕانی مانایی زاراوەی خەلافەت (جێگیری) لە مێژووی تەفسیری قورئاندا دەخەمە بەر باس. لە بەشی سێهەمی ئەم وتارەدا خوێندنەوەیەکی ورد و بە سەرنج لە هەندێک لە ئایاتی قورئان ئاراستە دەکەم کە پەیوەندی نێوان دوو چەمکی خەلیفە و زمان نیشان دەدەن. مەبەستی گشتی و سەرەکیی من ئەوەیە کە بە کەڵکوەرگرتن لە دەقە مودێرن و کلاسیکەکان لە ڕاڤەوانانی قورئانەوە بگرە هەتا شیعری عیرفانی، نیشان بدەم کە زاراوەی خەلیفە؛ زەرووڕەتەن بەو شێوەی کە زیاتر بۆچوونی بۆکراوە؛ بە واتای بەخشینی حوکم و دەسەڵاتی خوداوەندی - چ سیاسی و چ بە واتای سەروەری ژینگەژیان- بە ئینسان وەک جێگری خودا نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە؛ دەگەرێتەوە بۆ سەرهەڵدان و هاتنەکایەی ئینسانی قسەکەر (مرۆڤی خاوەنزمان) وەکوو بکەرێکی عەقڵانی بە تایبەتمەندییە پێدراوەکانی خودایی کە بریتین لە ئازادیی هەڵبژاردن و سروشتی ئەخلاقی.

## ئینسان لە بەرانبەری بەشەردا

قورئان لەنێوان مرۆڤی بیۆلۆژیکی (بەشەر) لەگەڵ مرۆڤی زمانپێدراو (ئینسان) جیاوازی دادەنێت. کاتێ لە قورئاندا زاراوەی بەشەر بەکار دەبرێت؛ لە ناوکۆ و سیاقی مرۆڤ وەکوو بوونەوەرێکی بیۆلۆژیکی بەکار براوە، «وَ إِذْ قالَ رَبُّكَ لِلْمَلائِكَةِ إِنِّي خالِقٌ بَشَراً مِنْ صَلْصالٍ مِنْ حَمَإٍ مَسْنُونٍ»«کاتێ پەروەرەندەت بە فریشتەکانی گوت: وا من مرۆڤم (بەشەر) لە قوڕەڕەشەی بۆگەنیوی وشکەڵاتوو چێ کردووە»(حیجر: 28).« *وَ ما جَعَلْنا لِبَشَرٍ مِنْ قَبْلِكَ الْخُلْدَ أَ فَإِنْ مِتَّ فَهُمُ* الْخالِدُونَ» «وامان نەکرد هیچ مرۆڤێک (بەشەرێک) بەر لە تۆ هەبێ و نەمر بێ. ئاخر چۆن ئەگەر تۆ بمری ئەوانە تا سەر دەمێنن؟». (ئەنبیا: 34) ئاوا ئایەتانێ هێمایە بۆ بوونەوەری ئینسانی وەکوو ئەو شتەی وا بیۆلۆژیستە تەکامولگەراکان پێی دەڵێن«ئینسانی حەیوانئاسا». بەهەر حاڵ پێش لەوەی بەشەر بتوانێت ببێت بە ئینسان، پێویست بوو کە گەشەکردنی مرۆڤ، چاخگەلێگی بەرچاوی تێپەڕاندبایە. «*هَلْ أَتَى عَلَى الْإِنْسَانِ حِينٌ* مِنَ الدَّهْرِ لَمْ يَكُنْ شَيْئًا مَذْكُورًا» «بێگۆمانە ماوەیەک لەم ڕۆژگارە بەسەر مرۆڤ(بەشەر)دا تێپەڕی و ئەو شتێ نەبوو کە باس بکرێت»

( ئینسان:1). لە ڕووی ئایاتی قورئانییەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت کە هەر ئینسانێک بەشەرە، بەڵام هەر بەشەرێک ئینسان نییە. بەپێی دەقی قورئان، ئینسان فۆڕمی گەشەکردووتری بەشەرە. گرینگترین خەسڵەتی ئینسان وەکوو مرۆڤی گەشەکردوو و پێگەیشتوو، توانای زمانیی ناونانە لە شتەکان. بە ناونانی شتەکان، بوونەوەری ئینسانی شتەکانی لە یەکدی جودا کردەوە. ئەم کارە یەکەم هەنگاو بوو بۆ ناسین و فەهمی ئەو شتانە «وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلائِكَةِ فَقالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْماءِ هؤُلاءِ إِنْ كُنْتُمْ صادِقِينَ« »خودا هەموو ناوێکی فێری ئادەم کرد، ئەوسا هەموو شتەکانی لەبەر فریشتەکان ڕانا و گوتی: ئەگەر ڕاستی بۆ چوون ناوی ئەوانەم بۆ هەڵدەن.(بەقەڕە: 31)

قورئان سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئینسانی گرێ داوە بە بەخشینی توانای بەیان بە مرۆڤ لەلایەن خوداوە، تواناییەک کە ئەندێشە و ئاخاوتنی پێ دەردەبڕێ. «خَلَقَ الْإِنسانَ،عَلَّمَهُ الْبَيانَ» «مرۆڤی ئافراند. ئاخافتنی پێ فێر کرد».(ڕەحمان: 3و4) عەلی شەریعەتی( 1933-1977) یەکێک لە هەوەڵ بیرمەندانی مۆدێڕنی موسوڵمان بوو کە ئاماژەی بە جیاوازی نێوان ئینسان و بەشەر کردووە. لە ڕوانگەی شەریعەتییەوە، بە ئینسانبوون پەیوەندی بەڕادەی گەشەی ڕۆحی و ئاستی ڕزگاری و ئازادیی ئینسان لە خەسڵەت و ئەدگارە سنوردارکەرەکانی بەشەرەوە هەیە کە وەکوو«زیندانی بیۆلۆژیکی» ئیش دەکەن[ii]. لە درێژەدا، هەوڵ دەدەم خوێندنەوەیەکی جیاواز لەو چەمکە قورئانییە ئاراستە بکەم. داکۆکیی من زیاتر لەوەی کە لەسەر چۆنیەتی و تایبەتمەندی ڕۆحی مرۆڤ بێت، داکۆکییە لەسەر خاوەنزمانبوونی ئینسان کە وەکوو بنەماگەلێکیش بۆ ئەندیشەی ئەخلاقی ئیش دەکەن.

کاتێ دەگەین بە واتای ئینسان، بە پێچەوانەی شەریعەتی، من وەکوو گەڕاندنەوە بۆ لایەنێک لە گەشەکردن و تەکامولی ئینسان چاو لەم زاراوە دەکەم، نەوەکوو دژبەری بەشەربوون[iii]. ئینسان لەم واتایەدا، دەبێت وەکوو قوناغێکی گەشەکردنی نوێ لە سەرهەڵدان و لەدایکبوونی مرۆڤایەتی چاو لێ بکرێت؛ یان وردتر بڵێم قۆناغێک کە لەوێدا مرۆڤ وەکوو بەشەر دەگات بە توانای لێکجوداکردنەوە و ناونانی شتەکان لە ڕێگەی زمانەوە. گەر وا نەبێت ئەستەمە ڕوون بکرێتەوە کە چۆن ئینسان دەبێت بە خاڵی ناوەندی ڕەخنە و لۆمە قورئانییەکان لەسەر ئەو کەسانەی کە [بە تەعبیری قورئان]: « إِنَّ الإِنْسانَ لَفِی خُسْرٍ * إِلاَّ الَّذِینَ آمَنُوا و عملوا الصالحات...» «مرۆڤ گشتی زیانبارە، مەگین ئەوی بوونەتە خاوەن ئیمان و چاکە دەکەن...»(عەسر: 2و3) یان بوونەوەرێک کە خودا «... گەڕاندوویەتی بۆ پلەی هەرە بەرەژێر»( تین: 5). ئەم نموونە ئایەتە قورئانییانە، ڕوونی دەکەنەوە کە ئینسان لە قورئاندا

ئاماژەیە بۆ بوونەوەرێکی گەشەکردوو و موتەکامیل، بە بەرپرسیارەتییەکی قورس و گەورەوە. بەڵام ئەم بوونەوەرە زەرووڕەتەن لەسەر بنەمای ئەو بەرپرسیاریەتییانە ئیش ناکات. بەپێچەوانەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە ببێت بە بوونەوەرێکی شەیتانی و پەستترینی پەستەکان.

## نیشتەجێبوونی ئادەم(ئینسان) لە سەرزەوی

ژمارەیەک لە ئایەتە قورئانییەکان ئاماژە بە نزیکی و پەیوەندی نێوان سەرهەڵدانی بوونەوەرێک وەکوو ئینسان و خەسڵەتە جیاواز و تایبەتمەندەکەی زمان یان توانای ناونانی شتەکان دەکەن. کاتێک کە زمان دێتە ئاراوە، بەشەر دەبێت بە ئینسان. قورئان لە (بەقەرە: 30)دا کە یەکێک لە ئاشکراترین ئایەتەکانە، پەیوەندی نێوان چیرۆکی ئادەم و توانای ئەو لە ناونانی شتەکاندا ڕوون دەکاتەوە:

«ئەو کاتەی پەروەرەندەی تۆ بە فریشتەکانی ڕاگەیاند: من دەمەوێ بریکارێک لەسەر زەوی دیاری بکەم، گوتیان: تۆ کەسێ وادێنی لەوێدا خراپە بکا و خوێن بڕێژێ؛ کەچی ئێمە هەر شوکرانەی تۆ دەکەین و پەسنی پیرۆزی تۆ دەکەین، گوتی ئەوی من دەیزانم ئیوە ئاگاتان لێ نییە».(بەقەڕە: 30)

لەم ئایەتەدا ئادەم وەکوو خەلیفە و جێنشین ناوبراوە. هەندێک لە ڕاڤەوانانی قورئان بەڵگەیان هێناوەتەوە کە ئادەم هەوەڵین نیشتەجێی سەر زەوی نەبووە. بۆ وێنە مەحەمەد ئەلقورتوبی(1273ک)ئیدعا دەکات کە وشەی خەلیفە لەم ئایەتەدا نیشان دەدات کە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانی مرۆڤایەتی بوونی هەبووە، ڕاست وەکوو هەر ئەو کۆمەڵگای وا خۆمانی تێداین کە بە ڕیز، یەک لە دوای یەک و پشتاوپشت هاتوونەتە ئاراوە[iv]. ڕاڤەوانانی دیکەیش بەڵگەیان هێناوەتەوە کە مەبەستی قورئان لە زاراوەی خەلیفە؛ ئەوە بووە کە ئادەم بە حەتمتاکێکی تەنیا نەبووە. گەورە بیرمەندی سۆفی مەحیەددین بن عەرەبی(1240ک) جۆرێک خوێندنەوەی ئەفلاتوونی لەو ئایەتە هەیە و پێی وایە کە دەستەواژەی (جعل)(دانان) بە واتای گواستنەوە لە جیهانیی ئایدیاکان بۆ جیهانیی فیزیکی و ماتریاله[v]. توێژەری میسری سەدەی نۆزدەهەم؛ محەممەد عەبدۆ(1849–1905) دەستی بانتر دەگرێت و زیاتر دەچێتە پێشەوە و دەبێژێت: ئادەم هەوەڵ جۆری بوونەوەرە عەقڵانییەکان لەسەر زەوی نەبووە، بەڵکوو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئادەم جۆرێکی نوێ لە حەیوانی قسەکەرە کە بەس لە خەسڵەتە جەستەیییەکاندا، لەگەڵ جۆرەکانی

پێشوو و سەرەتاییتردا وێکچوویی هەیە. بە هەر حاڵ بە لوتفی ناوەرۆکی کەسایەتی و ئەخلاقییەوە، مرۆڤ وەکوو ئینسان دەبێتە سەرپشک و هەڤیازی جۆرەکانی پێشووتر[vi].

محەممەد ڕەشید ڕەزا( 1865–1935) قوتابی محەممەد عەبدۆ، ئاوا ڕای خۆی دەردەبڕی کە سەرجەمی ڕوانگەی ڕاڤەکاران لەسەر ئەم بابەتە، دەتوانرێت دابەش بکرێت بە سەر دوو بۆچووندا: یەکێک لەو بۆچوونانە ئەوەیە کە پاشماوەی جۆرە پێشووترەکانی مرۆڤ، پێش لە سەرهەڵدانی ئادەم بنەبڕ بووە[vii]. سەرەڕای ئەمە؛ بە پێچەوانەی بیر و باوەڕی گشتیی موسوڵمانان، لە قورئاندا هیچ ئاماژەیەکی ڕۆشن بەوە نەکراوە کە ئادەم هەوەڵین پێغەمبەر بووبێت. قورئان بە ڕۆشنی ئاماژە دەکات کە نووح هەوەڵ کەسێک بوو کە وەحی لە خودا وەرگرت[viii]. بەم هۆکارەیە کە ڕاڤەوانی ناسراوی قورئان، فخر الدین ڕازی( 1210ک) بەڵگە دهێنێتەوە کە نووح دەبێت هەوەڵ پێغەمبەر بووبێت[ix]. بە پێچەوانەی پێغەمبەرانێک کە بەتایبەتی لە قورئاندا ناوبردە کراون، «وَعَصى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوى»«ئادەم لە فەرمانی پەروەرەندە لایدا و لە ڕێ دەرچوو».(تاها: 121) هەندێک لە توێژەرانی موسوڵمان لەسەر ئەو باوەڕەن کە نێزیکەی سی « ئادەم» پێیان لەسەر گۆی زەوی ناوە[x]. هەر بەو شێوەی کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بەڵگەی بۆ دهێنمەوە، لە زاراوە قورئانییەکاندا ئادەم وەکوو نموونەی سەرەتاییی ئینسان یان ئینسانی خاوەن زمان، دەناسرێت. هەروەهاش کە "ئیبنو عەرەبی" ئاماژەی پێ دەدا، ڕەنگدانەوەی کەماڵی ئیلاهی ئا لەم فۆڕمی سازکردنی ئادەمەدایە[xi].

دەستەواژەی خەلیفە لە قورئاندا بە واتای ڕیشە عەرەبییەکەی دەکار کراوە و لە ڕیشە عەرەبییەکەیەوە (خلف) دێت و واتای «جێنشینی» دەگەیەنێت. بەگشتی ئەم دەستەواژەیە بە جێگیربوون و جێنشینی کەسێک یان دەستەیەک یان کۆمەڵگایەک، لە جێگەی کەس و دەستە و کۆمەڵگایەکی دیکە دەلالەت دەکات. بە شێوەیەکی تایبەت، خەلیفە دەتوانرێت ئاوەها فەهم بکرێت کە بەرەکان یەک لەدوای یەک، لە درێژاییی مێژووی مرۆڤایەتیدا جێنشینی یەکدی بوون، کە بۆ دەست پەیدا کردن بە هەموو پتانسێلە ئینسانییەکان، پێویستیان بە ئاستێکی قووڵتر لە ڕۆچوون و بیرکردنەوەی ئینسانی بووە. پێویستیی سەرنجدان بەم جۆرە لە گۆڕانی مێژوویی و گەشەییە، بە هەندێک لە توێژەرانی موسوڵمان سەرۆ دەکات کە لە دەستەواژەی خەلیفە وەکوو نیشانەیەک بۆ باوەر بە تەباوڕەبا بوونی گێڕانەوەی قورئانی ئافراندن، لەگەڵ

تیۆرییە نوێکانی تەکامول کەڵک وەرگرین. بۆ وێنە ئیقباڵی لاهووری( ١٨٧٧-١٩٣٨) لە کتێبی چاکسازیی ئەندێشەی ئایینی لە ئیسلامدا ئاوا دەنوسێت:

جاحز(٧٦٩ ک) یەکەم کەس بوو کە ئاماژەی بە گۆڕانکاری لە ژیانی حەیوانیدا بە هۆی کۆچکردن یا بە گشتی [بە جۆری] ژینگە کردووە. ئیخوانوسسەفا ڕوانگەکانی جاحزیان شرۆڤە کرد و پەرەی زیاتریان پێ دا. بە هەر حاڵ ئیبنو میسکەوەیە( ١٠٣ ک) هەوەڵ بیرمەندی موسوڵمان بوو کە سەبارەت بە ڕەچەڵەکی مرۆڤ، تیۆرییەکی ڕۆشن و لە زۆر ڕووەوە مودێرنی بەدەستەوە داوە. ئەمە سازیاری و تەبابوونێکی سروشتی و تەواوی لەگەڵ ڕۆحی قورئاندا هەیە، هەر بۆیە مەولانا جەلالەددینی ڕۆمیوەکوو گەشەیەکی بیۆلۆژیکی چاو لە پرسی هەرمان و تاهەتایی ئینسان دەکات و ئەمە بە پێچەوانەی باسی فەیلەسووفە ئیسلامیەکانە کە پێیان وایە باس لەم بارەوە پێویستی بە بەڵگەهێنانەوەی فەلسەفی پەتی هەیە[xii].

بەدوای ڕچەشکێنی ئیقباڵ و بیرمەندانی پێشووتر کە ئەو ئاماژەی پێیان داوە، بەڵگە دەهێنمەوە کە ئادەم لە قورئاندا، نمانای بەرەیەکی نوێتر و دوایینی ئافراندنی ئینسانە کە بە توانا زمانییەکەیەوە لە بەرە پێشووترەکانی بەشەر جودا دەبێتەوە. هەروەها کە لەسەرەوە باسی لەسەر کرا، قورئان لە (بەقەڕە :٣٠)دا نیشان دەدات کە ئادەم و بنەچەکەی، بەرەیەکی نوێ دەخەنەوە کە بە تەعبیری ئیبنو عەرەبی توانای زمانییان لە بەرهەمهێنانی مانادا هەیە[xiii]. زانستی ئادەم لەسەر أسماء(ناوەکان) یا خەسڵەتی سەرەکیی شتەکان، ئەو لە بەرە پێشووەکانی خۆی جیاواز دەکاتەوە. لێرەدا خەلیفە وەکوو جێگر، بە مانای ئەوەیە کە ئادەم جێنشینی دەستەیەک لە بوونەوەرە بەشەرییەکان بوو کە زانستی ئەسماءیان نەبووە. بە واتایەکی تر ئادەم وەکوو خەلیفە، جێنشینی ئافراندراوەکانی پێشوو (بەشەر) بووە کە توانای بەخشینی «تەکووزی بە شتەکان» و ڕۆشن دەربڕینی مانا لەناو ئاخاوتنە پەیوەندی هێنەرەکانیان نەبووە. هەندێک لە ڕاڤەوانە مودێڕنەکانی قورئانکە هۆگرییان هەیە بەوەی کە کۆنە سەرمەشقەکانی مودێلی سیاسی لە قورئاندا پەیدا بکەن، وشەی خەلیفە کە ڕەنگ و بۆی جێنشینی پێوە دیارە؛ بە واتای جێگری خودا وەردەگێڕن[xiv]. بۆ وێنە مەهدی بازەرگان (١٩٠٧-١٩٩٥) لە تەفسیری خۆیدا لەم ئایەتە بە ئێمە دەڵێت: بوونەوەرە ئینسانییەکان لێوەشاوی تایبەت و تاقانەی ئەوەیان لێدەکاڵێتەوە کە نوێنەری خودا بن. (خليفة الله)[xv]. بە هەر حاڵ بە پێچەوانەی ئەو شتەی ئایدیۆلۆگە موسوڵمانەکان پرۆپاگاندایان بۆ کردووە، دەستەواژەی خەلیفە لەم ئایەتەدا زەروورەتەن بە واتای «جێگری خودا لەسەر زەوی نیە». ڕاڤەوانی ئێرانی قورئان، ئایەتوڵڵا ئەبولفەزلی بورقەعی (١٩٠٨-١٩٩٣) بەڵگەی هێناوەتەوە کە موسوڵمانان ئەگەر داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن کە ئادەم جێنشینی خودایە، دەبێ قەبووڵیشی بکەن کە خودا تاوانبارە. ئەو بەم

چەشنە بەڵگە دەهێنێتەوە کە قورئان ئاماژە دەکات کە بنەچەی ئادەم لەسەر زەوی جەنایەت دەکەن و خوێن دەڕێژن[xvi]. محەممەد حسێنی تەباتەبایی (١٩٠٤-١٩٨١) فەیلەسووف و ڕاڤەکاری سەرامەی ئێرانی سەدەی بیستەم؛ بە کەڵک وەرگرتن لە ڕێدۆزێکی جیاواز دەبێژێت: ئینسانێکە نوێنەری خودایە؛ دەبێ ئەرکی دامەزراندنی دەسەڵاتداریەتی ئیلاهی لەسەر زەوی لەئەستۆ بگرێت[xvii]. وەرگێڕەکانی ڕاڤەوانی قورئان، سەید قوتب بۆ سەر زمانی ئینگلیسی، لە کاتی وەرگێڕانی ئەم ڕستە قورئانییە «إنی جاعل فی الأرض خلیفة» کەوا دیارە نوێنەرایەتی مافی دەسەڵاتداریەتی خودا ئاشکرا دەکات، دەڵێن: "I am appointing a vicegerent on Earth"«من جێگر لەسەر زەوی دیاری دەکەم[xviii]». ئەم وەرگێڕانە لەگەڵ ڕوانگەی سەید قوتبدا هاوساز و تەبایە، چونکە سەید واتای خەلیفەی بە دۆخێک لێک دەداوە کە خودا لە ڕێگەی ئەوەوە ئەرکەکانی جێنشینی خۆی لەسەر زەوی بە ئینسان ئەسپاردووە[xix]. زیاد لە هەموو شتێک؛ ئەم نموونانە، گرینگایەتی دەوڵەت نەتەوەی مودێڕن و کاریگەریەکەی لەسەر هزر و بیری موسوڵمانان لە دووبارە خوێندنەوەی سیاسیکراوی (politicized reinterpretation) دەقە ئایینییەکان، نیشان دەدەن.

قورئان هەروەها ئاماژە دەکات کە مرۆڤ پێش لەوەی لە بەشەرەوە ببێت بە ئینسان، پێویستی بە مەودایەکی بەرین بووە، چونکە خودا یەکەم جار بەشەری ئافراند، دواتر هێدی هێدی فۆڕمی تەواوی بە بنیادەم بەخشی. «وَلَقَدْ خَلَقْنَاكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَاكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ...»«ئێمەین ئێوەمان خولقاندووە، لە پاشانا بەو شکڵەمان دەرهێناون، پاشان بە فریشتەکانمان گوت: سەر بۆ ئادەم نەوی بکەن...»( ئەعراف:١١) ئەندێشە و داڵغەی ئافراندنی مرۆڤ لە چەن قۆناغی یەک لەدوای یەک، لەناو ئیسلامدا بە چەشنێکی زۆر بەربڵاو پەسەند کراوە. توێژەری ئیسلامخوازی ئاسیای باشوور؛ ئەبۆلعەلای مەودوودی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئافراندنی مرۆڤ لە سێ قۆناغدا ڕووی داوە:١) دەسپێکی ئافراندن. ٢) فۆڕماسیۆن یان تەواوکردنی جەستەی مرۆڤ. ٣) هاوردنی بنیادەم بۆ ناو ژیان[xx].

قورئان زێدەتر بە ئێمە دەڵێت: کە لە قۆناغەکانی دیدا، خودا بنیادەمی لەسەر ڕوواڵەتی ئینسان، ڕاست بەو جۆرەی مەبەستی خۆی بوو، ڕاستەوپاستەی کرد و لە ڕۆحی خۆی دەماندی بە ڕۆحی ئەودا(سوژدە: 9) محەممەد بن عاشوور(1879- 1973) ڕاڤەوانی توونسی قورئان وای بۆ دەچێت: کە بۆ مەودایەکی درێژخایەن و بەرین، ئینسان ناوی لێ نەنرابوو و لەبارەیەوە باسێک نەکرابوو[xxi]. بە واتایەکی دیکە گۆڕانی بە تەواوی بنیادەم وەکوو

بەشەر، بەس کاتێک ئەنجامی گرت کە بە فۆڕمی ئادەم وەکوو ئینسان دەرهات. ئەمە کاتێ ڕووی دا کە بنیادەم گەشەی زمانی کرد و توانای ناونانی لە شتەکان بەدەست هێنا. ئێمە دەزانین کە ئافراندنی بنیادەم لە چەن فۆڕمو قۆناغی یەک لەدوای یەکدا ئەنجامی گرت، ئەمەش قورئان بە ئێمەی دەڵێت: (خودا) ئێوەی پلەپلە وەدی هێنا.(نووح: 14) لە درێژەدا ئەم ئایەتە دەلالەت لەسەر ئەوە دەکات کە کردەی وەدیهێنانی کامڵی مرۆڤ بەو شکڵە فیزیۆلۆژیکییەی بەشەر، خاڵی کۆتایی نەبووە، بەڵکوو گۆڕان و گەشەکردنی بۆ قۆناغی ئینسان، بەشێک لە پرۆسەیەکی درێژخایەن بووە. ...ثُمَّ أَنْشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ... لە پاشانا کردمانە چێکراوێکی تر.(مۆئمینوون: 14) وادیارە فەیلەسووفی ئاڵمانی واڵتێر بێنیامین(١٨٩٢- ١٩٤٠) لەگەڵ ئەم جۆرە سێناریۆیەدا هاوڕایە: «ئافراندنی بنیادەم لەسەر دەستی خودا،[تەنیا] کاتێک ڕاستەوپاستە و تەواو بووە کە شتەکان لەلایەن ئینسانەوە ناویان لێنراوە و بەس لە ڕێگەی زمانی ناونانەوە پەیڤاندوویانە»[xxii]. مەحەمەد ئەسەد (1900- 1992) لە وەرگێڕانەکەی خۆیدا لە ئایەتی سی تا سی و دووی سووڕەتی بەقەڕەدا بە ڕەچاوگرتنی گرینگایەتی سەرەکیی زمان لە چیرۆکی ئادەمدا، تەفسیرێکی ڕۆشنگەرانە وەبەر دەست دەخات. ڕوانگەی ئەسەد لەسەر ئەم ئایەتانە، تیشک دەخاتە سەر ئەو پەیوەندییانەی وا لەنێوان ئادەم وەکوو بەکەسایەتیبووی (personification) بوونەوەری قسەکەر و لەدایکبوونی زماندا هەیە. ئەسەد لە لێکۆڵینەوە لەسەر دەستەواژەی عەربی ناو (اسم) ئیددعا دەکات کە هەموو وشەناسەکان لەگەڵ ئەم بۆچوونە هاوڕان کە وشەی اسم بە واتای بەیان و گوواستنەوەی زانستی (شتەکانە)... کە بۆ نیشان- دانیماددەکان و ڕووداوەکان و سیفەتەکان بەمەبەستی جیاوازیدانان لەنێوان زاراوە و چەمکە فەلسەفییەکان بەکار دەبرێت[xxiii].شایانی باسە کە زۆربەی ڕاڤەوانانی کلاسیک و مودێڕنی قورئان بە ڕاشکاوی و بە ئاماژە ددانیان بەوەدا ناوە کە لە ئایەتی سی و دوی سوڕەتی بەقەڕەدا، دەستەواژەی عەرەبی أسماء،بێجگە لە زمان مانایەکی دیکە نابەخشێت[xxiv]. ڕەشید ڕەزا ئیددعا دەکات کە أسماء، ئەونیشاندەرانە دەنوێنێت والە ڕێگەی ئەوانەوە؛ واتا بەیان دەکرێت و دەلالەت دەگرێت[xxv]. هەروەتر؛ سەید قوتب، أسماء بە واتای «توانای ناونان» لێک دەداتەوە و ئەوەی کە زمان وەکوو ئامرازی زەبەند و سەرەکی پەیوەندیدان کە لە بەر دەستماندایە، ساز دراوە[xxvi]. سەید باوەڕی وایە کە توانای ناونانی شتەکان بە پێزترین و قووڵترین کاریگەری لەسەر ژیانی ئینسان لەسەر گۆی زەوی بووە. بۆ پێزانینی نرخی ئەم ئامرازی پەیوەندیدانە، تەنها ئەوندە بەسەکە ژیان بەبێ ئەم ئامرازە وێنا بکەین[xxvii]. ئیبنوعاشوور هەنگاوێک زیاتر هەڵدەگرێت و بەڵگە دەهێنێتەوە کە «فێرکردنی

ناوەکان شێوەیەکی دی لە بۆ بەیانی ئەوەیە کە خودا بنەماکانی زمانی بە ئینسان فێر کردووە[xxviii]. کەوابوو ئیبنوعاشوور داکۆکی دەکات کە ڕستەی «خودا هەموو ناوەکانی فێری ئادەم کرد» زێدەتر ڕستەیەکی زیادەبێژانەی زۆر پێوەنراوە، بۆ ئاماژە بە گیرۆیی و داگریزمان[xxix]. جیا لەو شتانەی کە دەتوانرێ لە چەمکی «فێرکردنی ناوەکان» هەڵبهێنجرێت، قورئان پەیوەندییەکی زیاتر لەنێوان خولقاندنی ئینسان و دەست پەیداکردنی ئادەمیزاد بە زانست، لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەگەلێک وەک عیلم و قەڵەم ساز دەکات[xxx]. لە شوێنێکی دیکەدا قورئان دوو دەستەواژەی عیلم و بەیان پێکەوە بەکار دێنێت؛ تاکوو زۆر بە هێزوپێزەوە داکۆکی بکات لە سەر پەیوەندی نێوان خولقاندنی ئینسان و توانای زمانی مرۆڤ: «*خَلَقَ الْإِنسانَ،عَلَّمَهُ الْبَيانَ*» «مرۆڤی ئافراند. فێری ئاخافتنی کرد»(ڕەحمان: 3و4). محەممەد ئەسەد زۆر کارامە و لێزانانە، ئەو شتەی کەوا فیلۆلۆژیستەکانی سەدەی ناقێن لەبارەی دەستەواژەی بەیانەوە گوتویانە، کۆرت دەکاتەوە و دەڵێت: ئەم دەستەواژەیە هەم بۆ ئەندێشە و هەم بۆ ئاخاوتن بەکار دەبرێت، لەو ڕووەوە کە داگری توانای دروستکردنی شتێک یا ئایدیایەکە بۆ زەین کە لە ڕووی چەمکییەوە جیاوازە لە شتەکان و ئایدیاکانی دی[xxxi]. بەکارهێنانی وشەی بەیان لەو ئایاتەی سەرەوە (ڕەحمان: 3و4) بە واتای «توانای بەیانی ڕۆشنی ئەو زانستە بە زمانی ئاخاوتن یا نووسین بەکار دەهێنرێت، هەروەها ساخت و پاختی ئەندێشە و ئاخاوتن و یادەوەریی زانستی هەموو ناوەکان کە بە واتای توانای ئەندیشەی چەمکرێژە Conceptual (مەفهوومیە) و تایبەتمەندە بۆ ئینسان[xxxii]. چەمکی بەیانی بەڵگەهێنانەوە لەلای دیاردەناسانێک وەک ئێدمۆند هوسێرل(1857- 1938) تەقریبەن هەر هەمان چەمکی زمانە. هوسێرل کاتێک باسی دەربرین (بەرهەمهێنانی بەیان) دەهێنێتە گۆڕێ، مەبەستی «نیشانە واتادارەکانە» کە ئاگاییی [مرۆڤ] لەو نیشانانە، بۆ بەیان و دەربڕینی ویستەکانی یا ئەو شتانەی ئەیهەوێت بیڵێت، کەڵک وەردەگرێت»[xxxiii].

لە پەیوەندی لەگەڵ ئافراندنی ئادەمدا، دەستەواژەی بەیان دەگەڕێتەوە بۆ توانای بەیان و ناونانی شتەکان، کە ئینسان بە بۆنەی ئەمەوە لە پێشینیانی خۆی جیاواز دەبێتەوە. هەروەها کە لە سەرەوە باسی لێ کرا، ئەسەد بە دروستی ئیددعا دەکات کە چەمکی «زانینی هەموو ناوەکان» دەلالەت دەکاتە سەر توانای پێناسەی لۆژیکی و ئەندێشەی چەمکرێژ. ئەسەد هەروەها بە دروستی ئاماژە دەکات کە مەبەستی خودا لە ئادەم لە ئایەتی سی سورەتی بەقەڕەدا، هەر هەموو ڕەگەزی مرۆڤە. بە سەرنج بە ئاماژەی پێشوو،

ئاشکرایە کە «ئینسان، بوونەوەرێکە کە لە سەر زەوی فەساد دەکات و خوێن دەڕێژێت». هەروەتر بە ئاوڕدانەوە لە دەقی قورئان (ئەعراف:11) کە بە وردەکاریی زیاتر لە بەشی داهاتوودا، دەیخەینە بەر باس، ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوونتر دەبێتەوە[xxxiv]. کەوابوو نابێت ئاماژەکانی قورئان بە ئادەم، بەس وەکوو ئاماژە بە یەک تاکەکەس دەرک بکرێت؛ بەڵکوو هەروەها کە ئیبنوعەرەبی داکۆکی لەسەر دەکات: ئادەم نمانای فۆڕمی تەواوی هەموو مرۆڤە[xxxv].

چەمکی زمان و دەرکەوتەکانی لە ڕێگەی بەیانەوە، مرۆڤ لە بونەوەرێک وەکوو بەشەرەوە، دەگۆڕێت بۆ سەر فۆڕمی مرۆڤی تەواو یان ئینسان. بە واتایەکی دی ئەو شتەی کە ئینسانی ڕاستەقینەی ساز کرد، توانای بە کارهێنانی زمان بوو. بە پێچەوانەی پێشینیانی خۆی کە لە فۆڕمی حەیوان یا فۆڕمگەلی ئینسان‌نوێندا بوون، ئادەم توانی ناو لە شتەکان بنێت و بیانناسێت. هەروەها کە واڵتێر بێنیامین دەڵێت: «زانستی شتەکان لە دڵی ناونانی ئەو شتانەدایە[xxxvi]». کەوابوو بەپێی ئایاتی قورئانی ئەوە زمانە کە ئینسان دەهێنێتە دونیاوە؛ یان هەروەها کە مارتین هایدگێر(1889- 1976) بەڵگەی هێناوەتەوە «– زێدەتر لە شێوەگەلی دی – ئەوە زمانە کە ئینسان دێنێتە قسە، بەو واتایەی کە شتەکان ناوزەد دەکات و دەیانخولقێنێ و بەو شێوە، جیهانی دازاین ساز دەکات[xxxvii]». ئادەم وەکوو ئینسان لە ڕێگای بەکارهێنانی زمان و بەیانەوە، خودی خۆی و مێژووی خۆیی لە ڕێگای توانای کۆدانان و نیشاندارکردنی بوونی خۆی، سازکردوە. جۆرجیۆ ئاگامبێن، فەیلەسووفی هاوچەرخ دەڵێت: «ئادەم یەکەمین نیشان‌دانەرە» چونکوو نیشانەکارگێڕی بڕیاردەری زانستە و جیهان چێ دەکات و بێدەنگ و بێ هیچ هۆیەک دەیکاتە شیاوی تێگەیشتن[xxxviii]. ژان پۆل سارتر، فەیلەسووفی ئێگزیستانسیالیستی فەڕانسایی؛ باوەڕی وایە کە زمان فۆرم دەدات بە «هەوێنی بوون . The dough of existence[xxxix]» و لە ڕێگەی ناوگەلێک کە تەرخان کراوە بۆ شتەکان، ڕەمزیان بۆ دادەنێت. هەروەها کە واڵتێر بێنیامین دەڵێت «ناونان لە دەقەری زماندا وەکوو تەنیا مەبەست و واتای هەرەبەرز و بێوێنە، کاکڵەی سروشتی زمانە». ناونان شتێکە کە هیچ شتێک سەرووتر لەو بەیان ناکرێت و پەیوەند نادرێت، و زمان لەناو خۆیدا بە ڕەهایی خۆی بەیان دەکات و پەیوەند دەگرێت[xl].

پێش لە پەیدابوونی ئینسانی خاوەن زمان و قسەکەر، جیهان جوداوازی-نەکراو(undifferentiated)، پۆلێن‌نەکراو(unclassified) و دەستەبەندی-نەکراو(uncategorized) بوو. زمان نمانا و دەرکەوتەی توانای ناونانی

مرۆڤەکانە و کەپاسیتیەکە کە لە ڕێگای ئەوەوە جیهانی شتەکان (الأسماء کلها) شیاوی فەهم و تێگەیین دەبن. بەشەر وەکوو بوونەوەرێکی نازمانی لە ڕێگەی گەشەی زمانی و گۆڕانی چەمکییەوە، تەکامول پەیدا دەکات و لە خۆی و دەوروبەری ئاگا دەبێتەوە. کەوابوو بەشەر لە ڕێگەی گەشەی زمانییەوە دەبێت بە ئینسان یا ئەو شتەی کە والتێر بێنیامین پێی دەڵێت «ناودانەر»[xli]. بەپێی ئایاتی قورئانی هیچ بوونەوەرێک جگە لە ئینسان توانای جیاوازیدانان، دەستەبەندیکردن و ناونانی هەموو شتەکانی جیهانی نییە، تەنانەت فریشتەکان و شەیتانیشی لەسەر بێت[xliii].

هەروەها سەرهەڵدانی ئادەم و ئینسانی خاوەنزمان، دەسپێکی پارادۆکسی ئازادیی هەڵبژاردنە. سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئینسان بە مانای لەدایکبوونی بوونەوەرێکی مێژووییە. هەروەها کە پێشتر ئاماژەی پێ درا بەپێی ئایاتی قورئانی، سەرهەڵدانی ئینسان، پرۆسەیەکی درێژخایەن بوو. (ئینسان:1) کەوابوو مێژوومەندی گەشەی ئینسانی لە ئاکامی گەشە و تەکامولی زمانیدا بووە کە تواناییەکی تایبەت و بێوێنەی بە بنیادەم بەخشیوە. بە هۆی ئەم گەشەکردنەوە، توانای تایبەتی ئینسان بۆ چەمکڕێژ کردنی شتەکان لە ڕێگای زمانەوە، ئینسان لە خۆی و دەورووبەری بێگانە دەکاتەوە. چونکە ئینسان بە لوتفی زمانەوە ڕۆ دەچێتە ناو شتەکان و لێیان ڕادەمێنێ و بنەماکانی توانای هەڵبژاردن بۆ ئەو مسۆگەر دەکات. کەوابوو ئینسان تەنیا بوونەوەری خاوەن مێژووە کە لەو ڕێگەوە، هەستی و بوونی خۆی دیاری دەکات و هەم وەسڵ دەبێت بە کات و هەم دادەبڕێت لە کات و بە تەعبیری قورئانی دەبێت بە «شتێکی شایانی باس».(ئینسان: 1) ئینسان لە ڕێگەی زمانەوە هەم بوو بە خاوەن مێژوو، هەم بوو بە خاوەن یادگەی مێژوویی. سروشتی وجودی ئینسان کە [جۆرێک] لە لەخۆڕامانە، ئینسان دەکات بە هەڵگری ئەمانەتێک کە باری بڕوا ومتمانەی خودایە لەسەر ڕووی زەوی.(ئەحزاب:72)

داکۆکی کرا لەسەر ئەم بابەتانە کە بنیادەم وەکوو بەشەر لە جیهانێکی بێزماندا دەژیا. بەڵام لەگەڵ تەکامول و گەشەی ئینسانی، مرۆڤ هەنگاو دەنێتە ناو پاڕادایمی پەیوەندییەوە. ئێستە ئینسان دەتوانێت ناوبنێت لە شتەکان و بیانناسێت و فەهمیان بکات. لە دوای توانای ناوبەخشین بە شتەکان، خەسڵەتی جوداوازینەری(بەیان) سەر هەڵدەدات. لەگەڵ سەرهەڵدان و هاتنەئارای ئەم خەسڵەتە، ئینسان وەکوو خەلیفە، هەنووکە جێگری بەرجەستەی حەیوانی بیۆلۆژیکی پەتی، (مرۆڤ وەکوو حەیوان) شێلگیرانە هەنگاوەکانی لەسەر زەوی دادەنێت، ناو دەنێت لە هەموو شتێک و بەپێی ئەو

ناولێنانە، دەستەبەندییان دەکات. بەم شێوە، ئینسان دەست دەکات بە گۆڕانی ماهییەتی جیهانێک کە پێشتر فەهمنەکراو (unintelligible) و خامۆش لەگەڵ ئینسان ڕووبەڕوو دەبۆوە. توانای ناونان بەشەر دەکاتە ئینسان، چونکە بەو شێوەی کە تیۆریستی(بیرۆکەوانی) ئەدەبی ن. و. تیۆنگۆ دەڵێت: وشە ئاخاوتنییەکان (ناوەکان) پەیوەندی نێوان مرۆڤ و زمانی ئاخاوتن، فۆڕمڕێژ دەکەن[xliii]. زمان جیهانێکی شیاوی تێگەیین ساز دەکات کە «ناوەکان» لە ڕێگەی بەکارهێنانی نیشانەگەلێک کە شتەکان لە یەکدی جیاواز دەکەنەوە، پەیوەندی لەنێوان ئەو شتانەدا دروست دەکەن. ئاگامبێن بەڵگە دەهێنێتەوە کە زمان، ئارشیوی لێکچوونە نامادییەکانە و خەزێنەی مەدلوولەکان[xliv].

هەروەها لە ڕوانگەی ئەخلاقیشەوە، مرۆڤ لە ڕێگەی ناونانی کردەکانی خۆی و دەستەبەندی ئەوان بە چاکە و خراپە و ڕەحمانی و شەیتانی، لە بەشەرەوە بوو بە ئینسان. بەم شێوەیە پتانسێلە ڕەحمانی و شەیتانییەکانی کە تا ئێستە نەناسراو بوون، فەهمکراو و وەدیهاتوو دەبن. سەرهەڵدانی ئینسانی قسەکەر بووە هۆی ئەوەی دونیای ساکاری گوێلەمستانەی فریشتەکان لە هەمبەر خودادا شوێنەواری نەمێنێ. ئەرەستوو دەڵێت: ئینسان تەنیا حەیوانێکە کە (خودا) توانای پەیڤینی پێ خەڵات کردووە و ئەم توانای پەیڤینە بە مەبەستی دیاریکردنی چاکە و خراپەیە[xlv]. هەروەها کە شاعیری سۆفی مەسلەکی فارس؛ حافز دەڵێت:

من ملک بودم و فردوس برین جایم بود آدم آورد در این دیر خراب آبادم[xlvi]

بابم ئاوا منی هێناوەتە ئەم وێرانە من دەنا خەڵکی ئەوین باخی مەلەک ئابادم

(تاڤگەی ئەوین:غەزەلی ژمارە 317)

## زمان، ئازادیی هەڵبژاردن و کێشەی چاکە و خراپە

ئێستە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم پرسیارە بورووژێت کە ئەگەر خودا ناوەکانی بە ئادەم فێر کرد، ڕۆڵی چاوەڕوانکراو لە ئینسان چییە؟ ئەگەر خودا هەم ناوەکان و هەم زانستی ئەو ناوانە بە ئینسان ڕادەگەیەنێت؛ ئیدی چۆن ئینسان

دەتوانێت «ناونەری شتەکان» بێت؟ بەپێی ئایاتی قورئانی خودا ناوی تەواوی شتەکانی بە ئینسان فێر کرد و بەیان و فەهمی پێ خەڵات کرد. پرسیارێک کە دێتە ئاراوە ئەوەیە کە ئایا ئادەم گەشەی کرد و بوو بە ئینسان؛ یان ئایا خودا ڕاستەوخۆ هەموو ناوەکانی فێری ئینسان کرد و ئەمەش لە ئاکامی ئەوەدا بوو کە خودا بە یەکجارەکی ڕۆحی ئیلاهی وەبەر ئادەم کرد. ئەم سیناریۆیە چۆن لەگەڵ ماهییەتی پاڕادۆکسیکاڵی ئینسان کە هەڵگری هەم چاکە و هەم خراپەیە و ئەمەش ڕیشەی لە توانای بەکارهێنانی زماندا هەیە، تەبا دەبێت؟ بە پێچەوانەی ئەوەی کە قورئان، ئینسان وەک بوونەوەرێکی خاوەن ویستی ئازاد و بەرپرسیارەتی بە فەرمی دەناسێت، کردەوەکانی ئینسان هێشتا لەناو کۆنتێکستێکی گەورەتر و بەربڵاوتر لە سوننەتی ئیلاهیدا ڕووو دەدات. هەر کردەوەیەکی ئینسان دەرکەوتە و شوێنهاتی تایبەتی خۆی هەیە و لەناو دەڤەری هۆ و هۆکرددا ڕووو دەدات و هەروەها کە قورئان ئاماژەی پێ دەکات، یاساکانی لەلایەن خوداوە دیاری دەکرێت[xlvii]. بۆ وێنە لە ئایەی حەڤدەی سوڕەتی ئەنفالدا؛ خودا کاتێک هەوەڵ سەرکەوتنی موسوڵمانان بەسەر مۆشریکینی(چەنپەرەستەکان) مەککە لە شەڕی بەدردا وەسف دەکات؛ بە کەسانێک کە لەو شەڕەدا بەشدارییان کردووە دەڵێت: «فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ قَتَلَهُمْ...» «ئێوە ئەوانتان نەکوشت، خوا کوشتنی...»(ئەنفال: 17) ئەم ئایەتە پتر وەکوو یادەوەری ئەوە بۆچوونی بۆ دەکرێت کە خاوەن ئیمانێکی ئایینی بەهێز بوون و بوون لەپاڵ حەقیقەتدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوداش لە پاڵی باوەڕمەنداندا بوەستێت. فەزلوررەحمان لە شرۆڤەی زاراوەگەلێک کە بۆ وەسفی ڕووداوە گرینگە مێژووییەکان بەکار براوە دەڵێت: «قورئان لە گێڕانەوەی دیاردە هاوشێوەکاندا، هۆی ڕوودانیان بە خودا و سروشت دەزانێت کە ئەم دوانە هۆکارێتی جیاواز و وێکنەچوویان نییە؛ بەڵکووو هەردوو، وەک یەک هاوشێوە و هاوسانن. «بەم پێیەش هێشتا جیاوازی واتاییان هەیە»[xlviii]. فەزلوررەحمان زێدەتر باسی لێ دەکات ودەڵێت: «کاتێک کە قورئان، زمانی سروشت بەکار دەهێنێت، باس لە ئیدیۆمە ئایینیەکان لەسەر بنەمای هۆکردی خوداییەوە ئاراستە دەکات»[xlix].

قورئان کاتێک کە دەگات بە خاڵی بەیەکگەیشتن و یەکبڕی کردەکانی خودا و کردەکانی ئینسان، دوئالیسمێکی سەرنجڕاکێش پیشان دەدات. هەر کات ئەگەری ئەوە هەبێت کە باوەڕمەندان لە ئامۆژەی تیولۆژیکی تاقانەیی و بێهاوتایی خودا، تووشی هەڵەتێگەیشتن ببن، قورئان بە وەبیرهێنانەوەی باوەڕمەندان بەوەی کە خودی ئینسانەکانیش ئافراندراوی دەستی خودان، خودا وەک هۆکاری هەموو شتێک؛ بگرە کردەوەکانی ئینسانیش پێناسە

دەکات. بە هەر حاڵ خودا کاتێک لە گوتاری قورئانیدا، داکۆکی لەسەر بەرپرسایەتیی ئینسان دەکات، لەگەڵ ئینسان وەک کارگێڕێکی بەرپرسیار ڕووبەڕوو دەبێتەوە. لەناوکۆیەکی دیکەدا ئەوەی بۆ ئینسان ڕوو دەدات، ئاکامی دەسکەوتە ئاکارییەکان و کردەوەکانی خۆی لە ئەژمار دەدرێت:«كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ» «هەموو کەسێک لە گرەوی کردەوەکانی خۆیدایە».(موددەسسیر: 38) بە وتەی توێژەری ژاپۆنی ئیسلام توشیهیکۆ ئیزۆتسۆ: «ئیمە دەبێ لەبیرمان بێت کە قورئان دەکرێت لە سوێنگەنیگا جۆراوجۆرەکانی تیولۆژیکی، فەلسەفی، کۆمەڵناسانە، دەستووری، تەفسیری و... توێژینەوەی لەسەر بکرێت و ئەم کتێبە لایەنگەلێکی جۆراوجۆر، بە گرینگایەتی بەرانبەرەوە، وەبەر دەست دەخات»[i]. بەگشتی ئەم ئاماژانە لە ناخی خۆیاندا پێکەوە هاوپەیوەندن و دەبێ لەناو کۆنتێکستێکدا کە ئەو دەقانە بەیان کراون، فەهم و ڕاڤە بکرێن. وەکوو یەکێک لە ستراتێژیە ڕەوانبێژییەکانی قورئان، ئیزۆتسۆ دەڵێت: «جیهانبینی قورئانی، دەتوانرێت وەکوو سیستمێک، بنوێندرێتەوە کە لەسەر بنەمای دژبەری چەمکی ساز کراوە»[ii]. کەوایە بەپێی ئەو شتەی ئیزۆتسۆ بە جیهانبینیی قورئانی ناوزەدی دەکات، فێربوون و بەدەستهێنانی زمان و توانای ناونانی شتەکان، زەروورەتەن لەگەڵ ڕۆڵی خودا وەک فێرکاریی ناوەکان، دژیەکی و یەکناکۆکی نییە.

بەڵام ئەم پرسیارە هەر بەردەوامە، کە ئەگەر فریشتەکان خاوەن زمان نەبوون، چلۆن دەتوانن بەرتەکی و ناڕەزایی خۆیان لە هەمبەر پێگەی بەرزی ئادەم وەکوو ئینسان دەرببڕن؟ قورئان بە ئێمە دەڵێت: «خودا هەموو ناوێکی فێری ئادەم کرد؛ ئەوسا هەمو شتەکانی وەبەر فریشەکان ڕاناو گوتی: ئەگەر ڕاستی بۆ چوون، ناوی ئەوانەم بۆ هەڵدەن. گوتیان هەر تۆی لە کەمایەتی بە دووری، ئێمە بەدەر لەوەی کە تۆ فێرت کردووین هیچ نازانین...» (بەقەرە:31–32) لە قورئاندا ئایەتانی دیکەش هەن کە ماهییەتی میتافۆریکی ئەو شتەی کە دەتوانرێ پێی بگوترێ پەیوەندی «بانزمانی» فریشتەکان، ڕوون دەکەنەوە و لەسەر ڕۆڵی زمان وەکوو بنەمایەک بۆ بەرپرسیاریەتی و ئازادیی هەڵبژاردنی ئینسان داکۆکی دەکەن. هەروەها کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا؛ قورئان، ئینسان وەکوو تەنیا هەڵگری باری ئەمانەتی خودایی لەسەر زەوی پێناسە دەکات. فەزلوڕڕەحمان ئەم گێڕانەوە، ئاوا شرۆڤە و ڕاڤە دەکات: خودا باری ئەمانەتی «عەقڵ و ئیرادەی» ڕانایە بەر ئاسمانەکان و زەوی و کێوەکان، هیچیان لە خۆیان ڕانەدی بچنە ژێری و ملیان نەدا...» (ئەحزاب: 72)[iii]. بەم پێیە ئەم ڕەتکردنەوە چۆن بەیان کرا؟ لە

ڕووبەڕووبوونەوە تەک ئەم بابەتەش دا، ئەوەی وا ئاسمانەکان و زەوی ڕەتیان کردەوە کە هەڵگری باری ئەمانەتی خودا بن؛ دەکرێ لەگەڵ ناڕەزایی و گازەندەی فریشتەکان لە هەمبەر پێگەی بەرزی ئادەمدا، بەراوەرد بکرێ کە لە سووڕەتی (بەقەڕە:31 و 32) ناوی لێ براوە. لە هەر دو گوتارەکەدا وا دیارە قورئان ئاماژە بە چۆنایەتییەکی سەرتر دەکات کە بە هۆی زمان و مەودای چەمکییەوە، جیهانی بێزمان لە ئینسانی قسەکەر، جیا دەکاتەوە. ئەو ناڕەزایەتییەی ناو جیهانی غەیرەئینسانی، وەکوو ئەو نموونە نارەزایەتییەی وا جیهانی فریشتەکان دەریان بڕی، وا دیارە شێوەیەکی ئایرۆنیکی بووبێت، بۆ جەختکردن لەسەر ئەو جیاوازییە. بە پێچەوانەی ئاسمانەکان و زەوی کە ملیان نەدا بە هەڵگرتنی باری ئەو ئەمانەتە، ئینسان خۆی وەبەر نا و قەبووڵی کرد. هەر چەند کە قورئان ڕەخنە لە ئینسان دەگرێت وەکوو کەسێکی ستەمکار و نەزانکار (ظلوما جهولا)، [بەڵام] بەپێی بۆچوونی فەزلوڕڕەحمان، بەو حاڵەش، بەڕێوەبردنی ئەو کارە، ڕاستەوخۆ نرایە سەر شانی ئینسان؛ چونکە لە نەزمی خیلقەتدا؛ ئینسان بوونەوەرێکی بێهاوتایە و ئازادیی هەڵبژاردنی پێ خەڵات کراوە[liii]. شاعیری فارس زمان حافز ئاوا ئاماژە بەم بابەتە دەکات:

آسمان بار امانت نتوانست کشید قرعەی فال بە نام من دیوانە زدند[liv]

ئاسمانیش لەژێر باری ئەمانەت چووە دەر وەی کە ئەم بارە بە کۆڵی منی دێوانە درا

(تاڤگەی ئەوین : غزل 184)

«باری قورس» کە لەو دێڕە شێعرەی حافزدا ئاماژەی پێ دراوە، ویستی ئازاد و خواستی هەڵبژاردنە کە بە لوتفی توانای چەمکسازی و لە ڕێگەی بەخشینی زمانەوە، خەڵاتی ئادەم وەکوو ئینسان کراوە. هەروەها کە ئەرەستوو ئاماژە دەکات: خەڵاتی زمان ئەو تواناییە بە ئینسان دەدات کە خاسە و خراپە لە یەک جودا بکاتەوە. کەوایە ئەمانەت کە لە (ئەحزاب: 72)دا ناو براوە؛ دەتوانرێت وەکوو بەرپرسیاریەتیی تایبەت و تاقانەی ئینسان وێنا بکرێت، چونکە بوونەوەرە بێزمانەکان، توانای تەفسیر و بەیانیان نییە هەتا ئەگەری ئەوەیان پێبدا کە هەڵگری ئەو متمانە و ئەمانەتە بن. خاوەنزمان بوون؛ لەگەڵ دیکەی قازانج و باشییەکانی، هەم توانای هەڵگرتنی باری متمانە بە جیهان و هەم توانای هاوژینی و پێکەوەبوونی چاکە و خراپەی تا قامی قیامەت مسۆگەر کرد.(حیجر: 32-40) پێش لە سەرهەڵدانی ئینسان، جیهان لە دۆخێکی پێشجیاوازینراودا (Pre-differentiated) بوو؛ کە لەو دۆخەدا

هەڵبژاردنی ئەخلاقی لەنێوان چاکە و خراپەدا هێشتا بوونی نەبوو. محەممەد ئێقباڵی لاهووری لەم بارەوە، پەیدابوونی ئینسان وەکوو ئاژاوە و شلەژانێک بۆ جیهانی پێش‌بەیان (.Pre-articulable world) وەسف دەکات:

فطرت آشفت که از خاک جهان مجبور خودگری، خودشکنی، خودنگری پیدا شد.[lv]

هەروەها کە ئێقباڵ ئاماژەی پێ دەکات، توانای ناونان و جوداکردنەوەی شتەکان لە یەکدی، بوو بە هۆی ئەوەی ئینسان بەسەر بێ‌ئەنوایی، دژداماوی و چارەنووسگەری(Fatalism)دا زاڵ بێت، یان بەو شێوەی فەیلەسووفی فەڕانسایی ئەلجەزایەری؛ ژاک دریدا (1930- 2004) بابەتەکە ئاوا باس دەکات: «ناونان، سەربزێوی و لادان وهەڵوەشاندنەوەیە»[lvi]. کەوابوو سەرهەڵدانی ئینسان، سەرهەڵدانی بوونەوەرێکە کە «بۆ خۆی سازێنەر، تێکدەر و بینەرە»[lvii]. بە واتایەکی دی سەرهەڵدانی ئینسانی خاوەن‌زمان، بێ-واتایی لە بن دەبات، چونکە زمان هەم پەردەکان لا دەبات و هەم بەگشتی مانا دەبەخشێ بە بوونی ئینسان:

خبری رفت ز گردون به شبستان ازل حذر ای پردەگیان پردەدری پیدا شد[lviii]

بەم پێیە؛ گۆڕدرانی جیهان بە هەبوونێکی فەهم‌کراو و ڕەمزسڕاوە، کاریگەرییەکی بەنرخی هەیە، چونکە پرۆسەی جیاوازی چەمکی، تەفسیرە هاڤرک و جۆراوجۆرەکان ساز دەکات. سەرهەڵدانی ئینسان وەک کارگێڕی ڕەمزسڕینەوە لە جیهانی ماددی، دەبێتە هۆی هاتنەئارای هەبوونێکی نوێ کە کۆتایی بە دژداماوی و یەکجۆری و فەرمانبەری هەتاهەتاییی فریشتەکان دێنێت:

ساختەی خویش ڕا درشکنم ڕیزریز تا زغبار کهن پیکر نو آورم[lix]

(دەسکردی خۆم ورد و خاش دەکەم تا لە گەرد و تۆزی کۆن، جەستەیەکی نوێ بهێنمە ئاراوە)

سەرهەڵدانی دەنگە یەکناکۆک و دژیەکەکان لەنێو جیهانی قسەنەکەری پێش-زمانیدا؛ یەکێکی دیکە لە لێکەوتەکانی لەدایک‌بوونی زمان بوو، چونکە لەگەڵ ئینسان شەڕ و خراپەش هاتە مەیدانی بوونەوە. شەڕ و خراپە دەتوانێ بوونی هەبێت، چونکە ئینسانی خاوەن‌زمان ئەو توانایییەی هەیە، هەروەها کە قورئان دەڵێت: «وَعَصَىٰ آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَىٰ» «...ئادەم لە فەرمانی پەروەرەندەی لایدا و لەڕێ

دەرچوو» (تاها:121). کەسایەتی شەیتان سەمبولی شەڕ و خراپەیە و لەگەڵ هەوەڵ کردەوەی لادان لە فەرمانی خودا، هاتە ناو جیهانەوە. ئەو بەم کردەوەیە ملی نەدا کە سوژدە بۆ ئادەم بەرێت، ئادەم کەسەمبول و نموونەی چەمکی ئینسان بوو. ئاماژە بەم خاڵەیش گرینگە کە قورئان هیچ چەشنە بێفەرمانییەکی دژ بە خودای، پێش لە هاتنەئارای ئادەم وەکوو ئینسان، گوزارشت نەکردووە. کەوایە لەو کاتەوە، خودا تێکەڵاوییەکی یەکناکۆک لە هۆگری بە خراپە و لە هەڵوەدایی بە لە خواترسی و پارێزگاری وەشاندووەتە ناو دەروونی ئینسانەوە. «فألهما فجورها و تقواها»«ئەوسا هەمو تاوانباری و پارێزگاری لە ویژدانی گەیاندووە».(شەمس: 8) هاتنەئارای شەڕ و خراپە هاوکات بووە لەگەڵ هاتنەئارای زمان؛ چونکە پتانسێلی ئینسان بۆ سەرکێشی، یەکێک لە لایەنەکانی کاریگەریی خواستی ئازاد و ئازادیی هەڵبژاردنە کە ئەویش لێکەوتەی توانای جیاوازیدانانی زمانە. هەروەها کە فەزلوڕڕەحمان ئاماژەی پێ دەدا کە شەیتان «کاری خۆی لەگەڵ ئینسان دەست پێ دەکات و دەبن بە هاواڵدوانە»[lx].

جیهانی فریشتەکان یا بە تەعبیری ئیقبال «جیهانی لە پێشدیاریکراو»( The predetermined world) بۆ هەوەڵ جار، تووشی کێشە و شڵەژان بوو، کاتێ کە ئینسانی خاوەنزمان و ئیبلیس هەر دووک هاتنەئاراوە. لەم قۆناغەدا ئیبلیس لە باقی فریشتەکان کە لە جیهانی لەپێشدیاریکراو و فەرمانبەردا بوون، نامۆ کەوت. ئیبلیس لە دیکەی هاوجۆرەکانی خۆی بێگانە کەوت و سەربزێوی لەگەڵ خودا کرد و بوو بە کافر(بێباوەڕ)« أبى و استكبر و كان من الكافرين».(بەقەڕە:34) بە پێچەوانەی باوەڕی باو، وشەی «کان» لەم ئایەتەدا لە جیاتی ئەوەی حاڵەت و دۆخی ئیبلیس دوای ملنەدان بە سوژدەی ئادەم وەسف بکات، بە واتای گۆڕانی جێگە و پێگەی ئەو هاتووە. فێعلی ڕابردووی«کان» زۆر جار بەو واتایە فەهم دەکرێت کە ئیبلیس پێش سەرهەڵدانی ئینسان لە زومرەی جین حەساوی بۆ دەکرا. لە عەینی حاڵدا ئایەتانێکی زۆر لە قورئاندا هەیە کە بەکارهێنانە جیاوازەکانی فێعلی «کان» نیشان دەدات. بۆ وێنە وشەی «کان» لە (نیساء:1) دا «...إن الله كان عليكم ڕقيبا»«خوا هەمیشە چاودێرە بە سەرتانەوە» و یا لە (ئەعراف: 103)دا «فانظر كيف كان عاقبة المفسدين» لە دوای گشتگیری و بڵاوبوونەوەی فەساددا. لەم نموونانەدا فێعلی «کان» بەردەوامی نێوان ئێستاو داهاتوو و گۆڕانی جێگە و پێگەیەک نیشان دەدات کە لە ڕابردوودا بوویەتی. کەوابوو دەقی ئایەتی سی و دووی سوڕەتی بەقەڕە دەتوانرێت بە جێگەی وەرگێڕانی بە «ئیبلیس لە جنییان بوو» بە [شێوەی] «ئیبلیس بوو بە جن» وەر-

بگێڕدرێت. زاراوەناسانی کلاسیک ئاماژە بەوە دەدەن کە زاراوەی «الجن» بە واتای «تاریکی بەتەوژم و سەرلێشێوێنەرە»[lxi]. هەروەها ئەم زاراوەیە لە قورئاندا واتای جۆراوجۆری هەیە و لە ناوکۆگەلی جیاوازدا، بەکار هێنراوە. لە بڕێک شوێندا، ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بە غەریب و نامۆکان یان ئەو کەسانەی هەنووکە بۆ کۆمەڵگایەکی دیاریکراو نەناسراو و غەوارەن.[lxii] هەر-وەها شوێنگەلێک هەیە کە وادیارە لەم زاراوەیەدا بۆ ئاماژە بەغەیرە مەککیەکان یا خەڵکانێک کە لە دەرەوەی مەککەدان بەکار هێنراوە.( جین: 1-9).[lxiii] لە یەک جێگەدا ئەم زاراوەیە ئاماژە بە تاقمێک لە غەوارە و بێگانەکانی نێو شوێنکەوتووانی مووسا دەکات:

هێندێکیش لە جندۆکانمان نارده لای تۆ، هەتا گوێ لەم قورئانە بگرن، کاتێ هاتن، گوتیان: مات بن و گوێ بدەن! وەختێ بیستیان، هاتنەناو خێڵەکەیان و ترسی خوایان وەبەرنان. گوتیان گەلۆ ناوەرۆکی کتێبێکیان بۆ وەخوێندووین، کە پاش مووسا ناردراوە؛ بڕوای بە کتێبەکانی پێشوویش هەیە، هانە بۆ ڕاستی دەدات و شارەزای ڕاستەڕێ دەکات.[lxiv]

محەممەد ئەسەد بە دروستی ئاماژە بەوە دەکات کە «ئاماژەنەدان بە عیسا و ئاماژە بە قورئان وەکوو ئەوەی دوای مووسا دابەزیوە، دەلالەت لەسەر گفتوگۆی نێوانخۆیی تاقمێک یەهوودی دەکات و من لەسەر ئەو باوەڕەم کە لێرەدا ئاماژەی ئەوان بەوەیە کە قورئان کتێبی تەوڕاتی پەسەند کردووە». تەبەری ڕاڤەوانی ناسراوی قورئان، ناوی هەندێک لە شوێنە جۆغرافیەکان دەبات کە خەڵکانی ئەو شوێنانە بە جین لە ئەژمار دەدران.[lxv]

بەڵگە دەهێنمەوە کە بەکارهێنانی وشەی جین لە سووڕەتی بەقەڕە ئایەی دووهەمدا؛ بە واتا ڕێتۆریکییەکەی، ئاماژەیە بەو گۆڕانەی وا لە پێگەی ئیبلیسدا ڕوویدا و نامۆبوونی لە دیکەی فریشتەکان. فەزلوڕڕەحمان لەسەر ئەو باوەڕەیە، «چ شەیتان بنەمایەکی عەینی شەڕ بێت، چ یەک تاکەکەس بێت، ولامدانەوە ئەستەم و دژوارە. بەو حاڵەیش؛ شەڕ بە تایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ چیرۆکی ئادەمدا بە کەسایەتیکراو(personalized) دەبێت».[lxvi] فەزلوڕڕەحمان هەروەها درێژەدەدات: «شەیتان هاواڵدوانەی ئینسانە، چونکە پێش لە ئادەم شەیتان بوونی نەبوو و سەربەخۆ لە ماهییەتی بەشەر؛ نەیدەتوانی هەبێت».[lxvii] هەروەها کە لە سەرەوە وترا گرینگە بزانرێت کە لە قورئاندا؛ بەس دوای ئەوەی کە ئینسان قسەی کرد و ناوی لەسەر شتەکان دانا و هەڤیازی زمانی خۆی بەسەر دیکەی ئافراندراوەکاندا نیشان دا، شەیتان هاتە ئاراوە. بە سەرنج بەم باسانە دەتوانین بیسەلمێنین کە ململانێ و مشتومڕی ئینسان لەگەڵ شەڕدا، لێکەوتەی ڕاستەوخۆی خاوەن زمان بوونە.

سادق جەلالەلعەزم فەیلەسووف و ڕەخنەگری ئەدەبی هاوچەرخ و خەڵکی سووریا، لە کتێبی *ڕەخنە لە هزری ئایینی*دا، تەفسیرێکی سەرنجڕاکێش لە چیرۆکی قورئانی ئادەم و سەرهەڵدانی ئیبلیس دەخاتە بەردەست.[lxviii] ئەلعەزم بە پشتبەستن بە بۆچوونەکانی شەهیدی سۆفیمەسلەک، مەنسووری حەللاج ئەو شتەی کە پێی دەڵێ «تراژێدیای ئیبلیس» لێک دەداتەوە و ئیدعا دەکات کە چیرۆکی ئیبلیسلە قورئاندا و ملنەدانی بە سوژدەکردن بۆ ئادەم، لەسەر مشتومڕ و کێشمەکێشی چاکە و خراپە نییە، بەڵکوو مشتومڕی نێوان ئەندازەکانی ڕەها و مەرجداری ئیتاعەت لە خودا نوواندنەوە دەکات، وا کە ئیبلیس ئیتاعەتی ڕەها هەڵدەبژێرێت. بە ئێمە وتراوە کە ئیبلیس وەکوو «گەورەترین تاقانەپەرەست» ئیتاعەتی ڕەهای خودای هەڵبژارد و سوژدەی بۆ غەیری خودا، پەسن نەکرد.[lxix] هەروەها ئەلعەزم لەسەر بیرۆکە و بۆچوونەکانی نووسەری ناسراوی میسری عەباس مەحموود ئەلعەققاد(1889- 1964)، بەڵگە دەهێنێتەوە کە فریشتەکان باشترن لە ئینسان، چونکە ئەوان بەردەوام دروست ئیش دەکەن؛ بەڵام ئینسانەکان جاری وا هەیە دروست ئیش ناکەن و بە هەڵەدا دەڕۆن. کەوایە لە لای ئەلعەزم چیرۆکی ئیبلیس سەبارەت بە چاکە و خراپە نییە: بەڵکوو ئاماژەیە بەوەی کە خودا دەیویست قارەمانێکی تراژیک لە شەیتان ساز بکات.[lxx] ئەو شتەی لەم لێکدانەوەدا ڕەچاو نەکراوە، گرینگایەتی ئازادیی هەڵبژاردنە کە دیکەی ئافراندراوەکانی خودا، جگە لە ئینسان ئەو ئازادییەیان نییە. بە سەر ئەمانەشدا و لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقییەوە «چاکبوونی» فریشتەکان کە نەیاندەتوانی کارێک جگە لە ئیتاعەت و بەندایەتی بکەن، پێش لە سەرهەڵدانی ئینسان، بێگومان دۆخێکی بێمانا بەسەر بووندا زاڵ بوو. هەروەها کە قورئان داکۆکی دەکات، فریشتەکان «... خوا چۆنیان فەرمان پێ بدا، لە فەرمانی خودا دەرناکەون و هەر چی بەوانی دەسپێرێ جێبەجێی دەکەن»(تەحریم: 6)

لێکۆلینەوەکانی ئەلعەزم بە ڕوونی لەژێر کاریگەریی هۆگری ئەو بە بەرگری لە هەڵوێستێکە کە لەودا وەزعییەتی زمانی عەرەبی وەکوو زمانێکی سامی، نابێتە بەربەست لە بەرهەمهێنانی دیرۆک. بەو حاڵەش ئەلعەزم لە درێژەدا ئیددیعا دەکات کە فەهمی ئێمە لە کەسایەتیی تراژیکی ئیبلیس، بۆ هەتاهەتایە ناتەواو دەمێنێتەوە، چونکە تراژێدیا بە واتای ڕەها و حەتمی خۆی، ناتوانێت لە چوارچێوەی سێ ئایینی سامیدا بوونی هەبێت.[lxxi] لێرەدا وادیارە بۆچوونەکانی ئەلعەزم ڕەنگ و بۆی دژەسامیبوونی کەسانێک وەک ئێرنێست ڕێنان (1823–1892) و ماکس موولێری (1823–1900) پێوە

دیارە، کە لەسەر ئەو باوەڕەن؛ زمانە سامییەکان بە هۆی ڕیشەی سێ پیتی پێکهاتەکانیان و ئەوەی کە وشە سامییەکان بەس بۆ واقعییەتە بینراو و ماتریالەکان بەکار دەبرێن، لە ڕووی چەمکییەوە سنوردارن و ناتووانن شتی بانسروشتی بنوێنن.[lxxii] ئەلعەزم لە تەواوی کتێبەکەیدا هەوڵ دەدات کە وێکچوونگەلێک لەنێوان دیرۆکناسی یۆنانی و چیرۆکی ئیبلیس و دیکەی گێڕانەوە قورئانییەکان پەیدا بکات.[lxxiii] بەو حاڵەیش ئەلعەزم ئەو واقعییەتە لە پێش چاو ناگرێت کە لە چیرۆکی قورئانیدا، گرینگایەتی سەرەکی نە بە ئیبلیس؛ بەڵکوو بە سەرهەڵدانی ئادەم وەکوو ئینسان، دراوە کە توانای ناونانی شتەکانی هەیە. شەڕ و خراپە دوای خاوەنزمانبوونی ئینسان، وەکوو بژاردەیەک لە دەروونی ئینسانێدا سەری هەڵدا و هاتە ئاراوە. کەوابوو پتانسێلی خراپە بەشێکی زاتی و سەرەکیی ئێنسانە وەکوو بوونەوەرێکی بەرپرسیار. هەروەها کە پێشتر ئاماژەی پێ درا خەسڵەتی جیاوازینەری ئینسان، تێکەڵاوێکی پاڕادۆکسیکاڵە کە هاوکات هەم هەڵگری شەڕ و خراپەیە و هەم هۆگری پارێزگاریشە. ئەگەر وا نەبوایە ئێنسان لە دۆخی بەشەردا دەمایەوە و وەکوو دیکەی بوونەوەرە لەپێشدیاریکراوەکان، بۆ وێنە وەکوو فریشتەکان، نەیدەتوانی سەربزێوی بکات و شۆڕشێک ڕێک بخات.

### دەرئەنجام

جیاوازییەک کە قورئان لەنێوان دوو زاراوەی ئینسان و بەشەردا دایدەنێت؛ بەس بەکارهێنانی دوو وشەی جۆراوجۆر بۆ تەوسیفی مرۆڤ نییە. بەڵکوو ئەم دوو چەمکە ئاماژە بە دوو قۆناغی جیاواز لە واقعییەتی ئینسانی دەکات. بەشەر، ئاماژەیە بە مرۆڤێکی بیۆلۆژیکی یان ڕووە بیۆلۆژیکی و فیزیۆلۆژیکییەکانی مرۆڤ. ئادەمیش وەکوو ئینسان هەر بەشەرە؛ بەڵام بەشەرێکی گەشەکردوو. ئینسان هەموو تایبەتمەندی و کوالیتییەکانی بەشەری هەیە و جگە لەوانە تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی و جیاوازیدانەریشی هەیە؛ ئەویش خاوەن زمان و بەیان بوونە. ئینسان هاوڕێ لەگەڵ لەدایکبوونی زمان، هاتە ئاراوە و بوون بە خەلیفە یان جێگری کاتی حەیواناتی قسەنەکەر. بەم واتایە ئادەم وەکوو نموونەی سەرەتاییی ئینسان، جێگری خودا نییە بەڵکوو نوسخەی گۆڕاوی بەشەرە کە سەرهەڵدانی ئەو بە واتای قۆناغێکی دیکە لە تەکامول و گەشەی ئینسانە (خلقا آخر). هەروەها کە لە سەرەوە نیشان درا، هەندێک لە ڕاڤەکارانی ناسراو و سەرامەی مودێرن و کلاسیکی قورئان، ئاماژەیان بە ئەگەری ئەوە کردووە کە پێش لە ئادەم مرۆڤ هەر

بووبێت. ئەوان لەباتی ئەوەی لەسەر ئەو باوەڕە بن کە سەرهەڵدانی ئادەم وەکوو سەررێچکەی دەستپێکی ژیانی ئینسانی بێت، لایان وایە کە ئەم ڕووداوە چەشنێک لە گۆڕان و گەشەی بیۆلۆژیکییە. ئەو ڕاڤەکارانە بەپێچەوانەی ئەدەبیاتی ئەم دواییانەی لایەنگرانی ئیسلامی سیاسی لەسەر ئەم بابەتە، خیلافەتی ئادەمیان وەکوو ڕێکخراوەیەکی سیاسی وێنا نەدەکرد، بەڵکوو باوەڕیان وایە ڕوانگەی قورئان سەبارەت بە زمان، وێکچوونی لەگەڵ بۆچوونی ئەرەستوو هەیە کە پێی وایە زمان، ئینسان لە دیکەی ئافراندراوەکان جیا دەکاتەوە. ئادەم وەکوو ئینسانی خاوەنزمان، بوون بە بوونەوەرێکی بەرپرسیار، هەڵگری ئەمانەتی خودا و بوونەوەرێک کە بە لوتفی خاوەن زمان بوون، لە دووڕییانی خێر و شەڕ، هوشیار بووەوە.

## پەراوێزەکان:

[i]. Muh. ammad Alī al-Shawkānī, *Fath. al-Qādir*, Vol.5 (Cairo: Dār al-Wafā, 1994), 131; Abū al-Futūh. al-Rāzī, *Rawz. al-Jinān wa Rūh. al-Jinān* (Qom: Mar‘ash Publishers, 1983), vol. 5, 204–5.

[ii]. Alī Sharī‘atī, *Chahār Zendān-e Insān* (Ittih. ādiyya-ye Anjuman-e Islāmi-ye Dāneshjuyān dar Orūpā, 1977), 1–4.

[iii]. Alī Sharī‘atī, *Chahār Zendān-e Insān*, 1–4.

[iv]. Abū al-Fidā’ Ismā‘īl Ibn ‘Umar Ibn Kathīr, *Tafsīr al-Qur’ān al-‘Az. īm.* Vol. 1 (Riyadh: Dār al-T. ayba, 1997), 218.

[v]. Muh. yiddīn Ibn ‘Arabī / ‘Abd al-Razzāq al-Kāshānī, *Tafsīr al-Qur’ān*. Vol. 1 (Beirut: Dār al-Andalus, 1978), 36–7.

[vi]. See Muh. ammad Rashīd Rid. ā, *Tafsīr al-Manār* (Beirut: Dār al-Kutub al-‘Ilmiyya, 1999), 214.

[vii]. Muh. ammad Rashīd Rid. ā, *Tafsīr al-Manār*, 214.

[viii]. See Qur’ān 4:163.

[ix]. Sharī‘at Sanglajī. *Klīd-e Fahm-e Qurā’n* (Tehran: Danesh, 1978), 85.

[x]. Ibid, 85.

[xi]. Muh. yiddīn Ibn ‘Arabi. *Contemplation of the Holy Mysteries and the Rising of the Divine Lights*. Trans. Cecilia Twinch and Pablo Beneito (Oxford: Anqa Publishing, 2008), 31.

[xii]. Muhammad Iqbal, *The Reconstruction of Religious Thought in Islam* (London & New York: Oxford University Press, 1934), 114–115.

[xiii]. Muh. yiddīn Ibn ʻArabī, *Contemplation of the Holy Mysteries and the Rising of the Divine Lights*, Trans. Cecilia Twinch and Pablo Beneito. (Oxford: Anqa Publishing, 2008), 46.

[xiv]. See for example, Nāsir-e Makārim-e Shīrāzī, *Tafsīr-e Nomūneh* (Tehran: Dār al-kutub al- Islāmiyya, 1996), 172.

[xv]. Mehdi Bazargan, *Bazgasht be Qur'ān*, Vol. 1 (Tehran: Sharikat-e Sahāmi-ye Inteshār, 1999), 130.

[xvi]. Abu'lfad. l-e Burqaʻī, *Tābesh-e Qur'ān*, 1960, 241–42, Accessed May 5, 2017. http://wwwaqeedeh.com/book_files/pdf/fa/tabeshi-az-qoran-1-PDF.pdf.

[xvii]. Muh. ammad Hussein T. abat.aba'I, *Tafsīr al-Mizan*, Vol. 1 (Qom: Daftar-e Inteshārāt-e Islāmī, 1984), 177.

[xviii]. Sayyid Qut.b, *In the Shade of the Qur'ān*, Trans. M. A. Salahi and A. A. Shamis (Markfield, UK: The Islamic Foundation, 1999), 46–7.

[xix]. Ibid, 49.

[xx]. See Amina Wadud. *Qur'ān and Woman: Reading the Sacred Text from a Woman's Perspective* (New York, Oxford: Oxford University Press), 16.

[xxi]. Muh. ammad T. āhir Ibn ʻAshur, *Al-Tah. rīr wa al-Tanwīr.* Vol. 1 (Tunis: Dār Sah. nūn, 1997), 372.

[xxii]. W. Benjamin, *One-Way Street and Other Writings* (London: NLB, 1979), 111. Benjamin's analysis of the Biblical story of the creation of man has some significant similarities with that of the Qur'ān. In his rendering, there is more than one version of human creation in the Old Testament, one of which has clearly to do with the creativity of language. Benjamin states, "the making of man did not take place through the word: God spoke—and there was but this man, who was not created from the word, but is now invested with the gift of language and is elevated above nature" (Ibid., 114).

[xxiii]. M. Asad, *The Message of the Qur'ân* (Melksham: Redwood Press, 1993), 9.

[xxiv]. See, for example, Ibn Kathīr, *Tafsīr al-Qur'ān al-ʻAz. īm,* 223.

[xxv]. Rid. ā. *Tafsīr al-Manār,* 218.

[xxvi]. Qut.b, *In the Shade of the Qur'ān*, 48.

[xxvii]. Ibid.

[xxviii]. Ibn ʻAshūr, *At-Tah. rīr wa al-tanwīr,* 407–09.

[xxix]. Ibid., 409.

[xxx]. See for example, Qur'ān 96:1–5.

[xxxi]. Asad, *The Message of the Qur'ān*, 824.

[xxxii]. Ibid.

[xxxiii]. Arthur Bradley, *Derrida's* Of Grammatology*; An Edinburgh Philosophical Guide* (Edinburgh: Edinburgh University Press, 2008), 25.

[xxxiv]. Asad, *The Message of the Qur'ān,* 9.

[xxxv]. Ibn ʻArabi, *Contemplation of the Holy Mysteries and the Rising of the Divine Lights*, 31.

[xxxvi]. Benjamin, *One-Way Street,* 119.

[xxxvii]. Bradley, *Derrida's* Of Grammatology, 51

[xxxviii]. Giorgio Agamben, *Infancy and History: On the Destruction of Experience* (London and New York: Verso, 1993), 35–41

[xxxix]. Quoted in Toshihiko Izutsu, *Concept and Reality of Existence* (Tokyo: The Keio Institute of Language Cultural Studies, 1971), 25.

[xl]. Benjamin, *One-Way Street,* 111.

[xli]. In the words of Benjamin, "He becomes the namer; by this we recognize that through him pure language speaks." Benjamin, *One-Way Street*, 110.

[xlii]. See for example, Qur'ān 2:30–32.

[xliii]. Ngũgĩ wa Thiong'o, *Decolonizing the Mind* (Harare: Zimbabwe Publishing House (Pvt.) Ltd., 1981), 14.

[xliv]. Agamben, *Infancy and History,* 35.

[xlv]. Aristotle, *The Politics*, Trans. Benjamin Jowett (Kitchener: Batoche Books, 1999), 5–6.

[xlvi]. Khwājeh H. āfez. -e Shīrāzī, *Poetry Collection,* Trans. Shahram Shahriyari, *Ghazal* no. 317. Accessed, May 22, 2017, http://www.hafizonlove.com/divan/04/184.htm

[xlvii]. See for example, Qur'ān 33:38: "There is no reproach for the Prophet on what God made obligatory for him. This was God's *sunna* for those who passed away of old; the command of God is an unwavering destiny."

[xlviii]. Fazlur Rahman, *Major Themes of the Qur'ān* (Beirut: Bibliotheca Islamica, 1980), 15.

[xlix]. Ibid.

[l]. Toshihiko Izutsu, *God and Man in the Qur'ān* (Kuala Lumpur: Academe Art & Printing Services, 2008), 1.

[li]. Ibid, 75.

[lii]. Rahman, *Major Themes of the Qur'ān,* 15.

[liii]. Rahman, *Major Themes of the Qur'ān,* 12.

[liv]. H. āfiz. , *Ghazal* no. 184, Accessed May 22, 2017. http://www.hafizonlove.com/divan /04/184.htm.

[lv]. Muhammad Iqbal, *The Message of the East* (1922). Accessed May 23, 2017. http://ganjoor .net/iqbal/payam-mashregh/.

[lvi]. Bradley, *Derrida's* Of Grammatology*,* 87.

[lvii]. Iqbal, *The Message of the East*, Accessed May 23, 2017. http://ganjoor.net/iqbal /payam-mashregh/.

[lviii]. Iqbal, *The Message of the East*.

[lix]. Ibid

[lx]. Rahman, *Major Themes of the Qur'ān,* 12.

[lxi]. See for example, Asad, *The Message of the Qur'ān*, 995.

[lxii]. See for example, Q 46:29–32 and Q 72:1–15.

[lxiii]. Asad believes that this is one of "a few instances (Q 72:1–15), where the term jinn may conceivably denote beings not invisible in and by themselves but, rather, "hitherto unseen beings" (*The Message of the Qur'ān*), 1325. Also, see Muh. ammad al-Bahi, *Min Mafâhim al-Qurân fi al-'aqi-dati wa al-Sluk* (Cairo: Maktaba Wahbiya, 1994).

[lxiv]. Asad, *The Message of the Qur'ān,* 1055.

[lxv]. Ibid., 899.

[lxvi]. Rahman. *Major Themes of the Qur'ān,* 90.

[lxvii]. Ibid.

[lxviii]. S. ādiq Jalāl al-‘Az.m, *Naqd al-Fikr al-Dīnī* (Beirut: Dār al-T. alī‘a, 1970).

[lxix]. Ibid., 93–4.

[lxx]. Ibid., 106.

[lxxi]. Ibid., 111.

[lxxii]. See Maurice Olender, *The Languages of Paradise Race, Religion, and Philology in the Nineteenth Century*, A. Goldhammer Trans. (Cambridge, MA: Harvard University Press, 1992), 84.

[lxxiii]. See for example, Jalāl al-‘Az.m, *Naqd al-Fikr al-Dīnī*, 98–112.

## سەرچاوەکان


1 Muh ammad Alī al-Shawkānī, *Fath. al-Qādir*, Vol.5 (Cairo: Dār al-Wafā, 1994), 131; Abū al-Futūh. al-Rāzī, *Rawz. al-Jinān wa Rūh. al-Jinān* (Qom: Mar‘ash Publishers, 1983).

2 Alī Sharī‘atī, *Chahār Zendān-e Insān* (Ittih. ādiyya-ye Anjuman-e Islāmi-ye Dāneshjuyān dar Orūpā, 1977),.

3 .Abū al-Fidā’ Ismā‘īl Ibn ‘Umar Ibn Kathīr, *Tafsīr al-Qur’ān al-‘Az. īm.* Vol. 1 (Riyadh: Dār al-T. ayba, 1997),.

4 Muhyiddīn Ibn ‘Arabī / ‘Abd al-Razzāq al-Kāshānī, *Tafsīr al-Qur’ān*. Vol. 1 (Beirut: Dār al-Andalus, 1978).

5 Muh ammad Rashīd Rid. ā, *Tafsīr al-Manār* (Beirut: Dār al-Kutub al-‘Ilmiyya, 1999).

6 Sharī‘at Sanglajī. *Klīd-e Fahm-e Qurā’n* (Tehran: Danesh, 1978).

7 Muhyiddīn Ibn ‘Arabi. *Contemplation of the Holy Mysteries and the Rising of the Divine Lights*. Trans. Cecilia Twinch and Pablo Beneito (Oxford: Anqa Publishing, 2008).

8 Muhammad Iqbal, *The Reconstruction of Religious Thought in Islam* (London & New York: Oxford University Press, 1934).

9 Nāsir-e Makārim-e Shīrāzī, *Tafsīr-e Nomūneh* (Tehran: Dār al-kutub al-Islāmiyya, 1996).

10 Mehdi Bazargan, *Bazgasht be Qur’ān*, Vol. 1 (Tehran: Sharikat-e Sahāmi-ye Inteshār, 1999).

11 Abu’lfad. l-e Burqa‘ī, *Tābesh-e Qur’ān*, 1960, 241–42, Accessed May 5, 2017. http://wwwaqeedeh.com/book_files/pdf/fa/tabeshi-az-qoran-1-PDF.pdf.

12 Muhammad Hussein T. abat.aba’I, *Tafsīr al-Mizan*, Vol. 1 (Qom: Daftar-e Inteshārāt-e Islāmī, 1984).

13 Sayyid Qutb, *In the Shade of the Qur’ān*, Trans. M. A. Salahi and A. A. Shamis (Markfield, UK: The Islamic Foundation, 1999).

14 Amina Wadud. *Qur’ān and Woman: Reading the Sacred Text from a Woman’s Perspective* (New York, Oxford: Oxford University Press).

15 Muhammad Tāhir Ibn ‘Ashur, *Al-Tah. rīr wa al-Tanwīr.* Vol. 1 (Tunis: Dār Sah. nūn, 1997).

16 Walter Benjamin, *One-Way Street and Other Writings* (London: NLB, 1979)

17 Mohammad Asad, *The Message of the Qur’ân* (Melksham: Redwood Press, 1993).

18 Arthur Bradley, *Derrida’s* Of Grammatology*; An Edinburgh Philosophical Guide* (Edinburgh: Edinburgh University Press, 2008).

19 Giorgio Agamben, *Infancy and History: On the Destruction of Experience* (London and New York: Verso, 1993).

20 Toshihiko Izutsu, *Concept and Reality of Existence* (Tokyo: The Keio Institute of Language Cultural Studies, 1971).

21 Ngũgĩ wa Thiong'o, *Decolonizing the Mind* (Harare: Zimbabwe Publishing House (Pvt.) Ltd., 1981).

22 Aristotle, *The Politics*, Trans. Benjamin Jowett (Kitchener: Batoche Books, 1999)

23 Khwājeh H. āfez. -e Shīrāzī, *Poetry Collection,* Trans. Shahram Shahriyari, *Ghazal* no. 317. Accessed, May 22, 2017, http://www.hafizonlove.com/divan/04/184.htm.

24 Fazlur Rahman, *Major Themes of the Qur'ān* (Beirut: Bibliotheca Islamica, 1980).

25 Toshihiko Izutsu, *God and Man in the Qur'ān* (Kuala Lumpur: Academe Art & Printing Services, 2008).

26 Muhammad Iqbal, *The Message of the East* (1922). Accessed May 23, 2017. http://ganjoor .net/iqbal/payam-mashregh/.

27 Muhammad al-Bahi, *Min Mafâhim al-Qurân fi al-'aqi-dati wa al-Sluk* (Cairo: Maktaba Wahbiya, 1994).

28 Sādiq Jalāl al-'Azm*, Naqd al-Fikr al-Dīnī* (Beirut: Dār al-T. alī'a, 1970).

29 Maurice Olender, *The Languages of Paradise Race, Religion, and Philology in the Nineteenth Century*, A. Goldhammer Trans. (Cambridge, MA: Harvard University Press, 1992)

## أنا أتكلّم فأنا إنسان: قضية اللغة و تأنسُن آدم فى القرآن

**الملخص:**

**يد**رس هذا المقال و يناقش تمحور اللغة و دورها الرئيس فى قصة آدم القرآنية ككائن إنسانى.فباعتماد على المنظار القرآنى إلى خلق الإنسان،انّهناكمقدرةلغويةخاصةفيتسميةالاشياءلآدماوالانسانالذيظهركائنح يّعليوجهالارض. و حينما نبحث عن الإختلاف الدلالى بين المفهومين الرئيسين أى الإنسان و البشر، نقيم ألأدلة على صيرورة البشر إنساناً- أى كائناً ناطقاً - خليفةً؛للكائنات التى لا لغة لديهم، بدلا من أن يسير خليفة اللهّٰ!

فظهور مفهوم الإنسان فى الأسلوب القرآنى، يشير إلى خلق الحيوان الناطق. على هذا إستخدام كلمة خليفة فى القرآن أكثر من أن يمهد المجالات و الأسس للأنظمة السياسية؛ يجب أن يتلقى كمرحلة من مراحل تكامل الحياة الإجتماعية للإنسان على وجه الأرض . إذن تفسير مفهوم الخليفة فى ضوء قضية ( الإنسان الحامل للغة ) عوضا أن يمهد الطريق لسلطة الإنسان وهيمنته على الموجودات الأرضية كلها، يؤدى إلى قراءة مختلفة تمام الإختلاف لموضوع الحكم السياسى فى الإسلام الذى حظى بقبول تام عند هواة الإسلام السياسى.

**الكلمات الرئيسية**

الإنسان، البشر، الخليفة، اللغة، آدم، الإرادة الحرة، حرية الإختيار.